# واتەو وەڵینا

محمدامین (کاردۆخی)

واتەو وەڵینا ، یا (پەندیپێشینان) ناوی بەرهەمێکمە کە تازە دەستم بەنووسینی کردووە نزیکەی هەزار پەندی پێشینانم بەشێوەی هەورامی کۆکردووەتەوە ، بەشێوەی سۆرانیش ماناکانم لێك داوەتەوە ، هێندی لەو پەندە پێشینانەشم کردووە بەهۆنراوە ئەمەی خوارەوە نموونەیکی ئەم بەرهەمەیە کە بەتەمام ئەگەر مام بەچاپی بگەینم .

## (واتەو وەڵینا)

١ — وەڵینا واتەن ڕاسا نەك جەفەنگ
( نەپالآی تەنگ ، نە یانەی بەجەنگ» .
٢ — (ئاساو) دانەو وێش بەووردی هاڕۆ
(چەقچەقە) باهەر سەرەو وێش ماڕۆ .
٣ — گۆشتەو ، ڕانو ، وێت برێژە ، وەرە
منەتۆ (قەسابی) هەرگیز مەبەرە .
٤ — وڵەنە ، مەیبەر ، بەقسێ وەشی
چ (مار) ، چ (کەمتار) ، چ (پیرە هەشێ)
٥ — (ماڵێ) یەکجار فرەن ، (سەرە) بەرکەرە
ویەردە ، ویەرد ، باسش مەکەرە
٦ — (دار) ماچۆ (پواز) گەر جەوێم نەبۆ
دوژمن ، مەتاوو ، لاشەم شەق کەرۆ
٧ — دەسێو ، نەتاوی بڕینەش یەکسەر
ماچ کەردەیش ، خاسا ، بەبێ دەردیسەر
٨ — پەی (دیناریوی) گیانش مسپارۆ
جەگرد (هەوریوی) (واران) مەوارۆ
٩ — پێسەنە (توونە) ، جە (مانگەشەوێ)
گەفو ، بێسەمەر ، کەرۆ (حەوحەوێ)
١٠ — دژو (دوژمەینم) هەر بە (دۆس) وانوو
دۆستو ، دۆستیشم ، هەر بە (دۆس) زانوو
١١ — مەکەرە ، قسێ ، بێفکرو هۆشێ
چونکە (دیوارا) هەنێشا (گۆشێ)
١٢ — قۆزی لەمهاڵی ، فووش ، کەردەنە وێش
هۆشش نەمەنەن ، لاو (هێنریو ، پەرێش)
١٣ — (کەڵەشێر) نەوانۆ ، شەوە ، بۆ بە (ڕۆ)
(کوتەك) مزانۆ ، (قۆناخ) ئیناکۆ
١٤ — وێش کەردەن قەومت ، بە (لالۆ ، لالێ)
ئێسە گەرەکشا ، زەمینت کاڵێ



ئەمانە نموونەیێک بوون لەپەندی پێشینان بەشێوەی (هەورامی) کە کردبوونم بەهۆنراوە. جا بۆ ئەوەی کەزیاتر سوودبەخش بێت، واماناکانیان بەشێوەی سۆرانی لێك ئەدەمەوە :-

١ – پێشینان وتوویانە (نەپێلاوی تەنگ، نەماڵی بەجەنگ) واتە: پێلاوی تەنگ قاچت ئازار ئەدا ماڵش کەشەڕو ناخۆشی تیابێ دڵت عاجزو بریندار دەکات.

٢ – واتە (ئاش دەگەڕێ و چەقچەقە سەری خۆی دەشکێنێ) بەیەکێك ئەوترێ کە لەئیشوکاری یەکێکی کەدا بێ جێ خۆی تێ کوتێ و قسەی لێ بکات ئەویش گوێ نەداتێ.

٣ – (گۆشتی ڕانی خۆت ببرژێنە، بیخۆ، منەتی قەساب هەڵمەگرە) واتە: تا ئەتوانی چاوت بەدەستی کەسەوە نەبێت، خۆت ئیش بکە، باشەغڵەتیش بیت.

٤ – (بەقسەی خۆش مار لەکون دێتەدەر) واتە: ئەگەر قسەت خۆش بێ ئەتوانی بەئاسانی ئیشوکارت جێ بەجێ کەی

٥ – (خۆت دەرکە بامالەکەت بڕوا) چونکە پارەوماڵ دێتەوە بەلام «گیان» ناسنرێتەوە، سەربرا نایتەوە.

٦ –(دار) دەڵێ ئەگەر (پوازم) لە خۆم نەبووایە (نەدەقلیشام)، هەمیسان ووتراوە (دار) دەڵێ ئەگەر (تەور). (کاکی لەخۆم نەبوایە نەی ئەتوانی بمبرێتەوە.

٧ – (دەستێ نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم) واتە کاتێك بچۆ بەگژ دوژمنا کەبزانی بەسەریا زاڵ دەبی.

٨ – (لەهەموو هەورێ باران ناباری)، واتە وەنیە هەموو کەسێك چاکەی لێ بوەشێتەوە.

٩ – (وەك سەگ لەمانگەشەو بوەڕێ وایە) بەیەکێگ ئەوترێ کە ناوی کەسێکی گەورە بەخراپە ببات.

١٠ – دۆستی دۆستم دۆستمە، چونکە سوودی بۆمن هەیە دوژمنی دوژمنم دۆستمە چونکە زیان بەدوژمنم دەگەینێ.

١١ – واتە لەخۆتەوە بێ بیرکردنەوە قسە مەکە چونکە دیوار مشکی هەیە مشکیش گوێ هەیە، نەوەك ئاشکرا بێ.

١٢ – واتە: قۆزی برسی فیز ئەکات خۆی ئەنوێنی لەکاتێك دا ئەسپێ لەباخەڵیا (سەوزەڵەگیانم) دەڵێ...

١٣ – لەم هۆنراوەدا دووپەندی پێشینان هەیە :- یەکەمیان دەڵێ: کەڵەشێریش نەخوێنێ شەو نامێنێ ڕۆژ دەبێتەوە، دووەم یان دەڵێ :- کوتەك دەزانێت قۆناخ لەکوێیە.

١٤ – بێگانەکە، بەخالۆ خالۆ خۆی کردووە بەخزمت، ئەیەویت بەو جۆرە بەرەبەرە زیدو ماوات لەدەست بسێنێ و بتکاتە دەرەوە، بەفێلو فڕ دەست لەبنی هەوانەوە دەرچێ.